پەرلەمانتارێک ڕەخنە لە لەدوانەکانی وەزیری نەوت دەگرێت سەبارەت بە هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان: "سەرلێشێواویە"

پەرلەمانتار زرغام مالیکی ڕەخنەی لە لەدوانە دژبەیەکەکانی حیان عەبدولغەنی، وەزیری نەوت، لەبارەی ڕاگەیاندنی وادەی دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت لە هەرێمی کوردستان گرت.

مالیکی لە بەیاننامەیەکدا کە ئاژانسی "موتەبع" بەدواداچوونی بە کردووە، ڕایگەیاند:

"بەدواداچوونمان بە لەدوانەکەی حیان عەبدولغەنی، جێگری سەرکۆوزیران بە کاروباری وزە و وەزیری نەوت کرد، کە پێشتر دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستانی بە ڕەژەی "185" هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە ڕاگەیاندبوو، بەڵام ئێمە سەرسام بووین بە پێچەوانەی بەیاننامەکانی لێگەڵ هەوەستی کەمپانیا نەوتییەکان کە لە هەرەمدا کاردەکەن، کە پشتڕاستیان کردەوە کە هەناردەکردنەکە دەستپێناکاتەوە بەهۆی نەبوونی لەکتێگەیشتنی بازرگانی و گەرەنتی خەرجکردنی پارەی خەرجییەکان.

وتیشی، لەرەدا پرسیارمان هەیە لە دروستی ئەو زانیارییانەی کە وەزیر پشتی پێبەستووە لەکاتی ڕاگەیاندنی ئەم بڕیارەدا؟

مالیکی پێی وابوو: ”ئەم دژ بەیەکییە یان ڕەنگدانەوەی حیسابێکی هەڵەی سیاسی و ئیدارییە یان نەبوونی پێوەندییەکی کاریگەر لێگەڵ کەمپانیا بیانییەکان، کە وەزارەتی نەوت دەخاتە بەردەم

تەحدایەک لە گەیاندنەوەی متمانە لەبەردەم وەبەرهێنەران و لەبەردەم هەی گشتیدا کە چاودێری چارەنووسی هەناردەکردنی نەوت و کاردانەوەکانی لەسەر ئابووری عێراق دەکات".

جەختیشی کردەوە: "گرنگە وەزیر بەرپرسیارێتی ئەم سەرلەشواویە لە ئەستۆ بگرێت و نەهێشت بابەتەکە تەپەت بەبێ ئەوەی وەوەکە هاست بکاتەوە".